# چەند پرسیارێک دەربارەی حوکمەکانی حەیز لە نوێژو ڕۆژوودا

زانای پایەبەرز: محمد بن صالح العثيمين
وەرگێرانی: دایکی ئالاء

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن کە تایبەتن بە حوکمەکانی حەیز لە کاتی نوێژو ڕۆژوودا کە ئاراستەی زانای پایەبەرز شێخ (محمد بن صالح العثيمين) کراوە (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەبەر گرنگی وەرمگێڕاوە تا سودەکەی گشتی بێت إن شاء الله.

( پ١/ ئەگەر ئافرەتێك ڕاستەوخۆ پاش نوێژی بەیانی پاك بووەوە ئایا دەتوانێت ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت؟ وە ئایا ئەو ڕۆژەی بۆ دەژمێردرێت یان دەبێت بیگرێتەوە؟

و/ ئەگەر ئافرەتێك پاش نوێژی بەیانی پاك بووەوە بۆ گرتنی ئەو ڕۆژە زانایان دوو بۆچونیان هەیە:

١- باقی ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو دەبێتو بەڵام بۆی ناژمێردرێتو پێویستە بیگرێتەوە، ئەمە بەناوبانگە لای مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد (رەحمەتی خوای لێ بێت).

٢- پێویست ناکات باقی ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت لەبەر ئەوەی دروست نییە ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت کە سەرەتاکەی لە حەیزدا بووەو بە ڕۆژووگر دانانرێت.

وە مادەم ڕۆژووەکەی دروست نەبێت ئەو کاتە ڕۆژوو گرتنی باقی ڕۆژەکە سودی نییە.

وە بە هەردوو بۆچونەکە پێویستە ڕۆژووەکەی بگرێتەوە.

پ٢/ ئەگەر ئافرەتێك پاك بووەوە پێش نوێژی بەیانی بەڵام دوای نوێژی بەیانی خۆی بشواتو نوێژ بکاتو ڕۆژووی ئەو

ڕۆژە بگرێت ئایا پێویست دەکات ئەو ڕۆژە بگرێتەوە؟

و/ ئەگەر لە ڕەمەزاندا ئافرەتی حەیزدار بە دەقیقەیەك پێش نوێژی بەیانی پاك بووەوە، وە دڵنیا بوو ئەوا ڕۆژووەکەی تەواوەو پێویست ناکات بیگرێتەوە، چونکە کاتێك ئەو بەرۆژوو دەبێت پاك بۆتەوەو ئەگەر چی خۆشوشتنەکەیشی بکەوێتە دوای نوێژی بەیانی ئاساییە.

وەکو کەسێك وایە کە غوسڵی لەسەر بێتو دوای نوێژی بەیانی خۆی بشواتو پاششێوی کردووەو خۆی نەشوشتووە تا دوای نوێژی بەیانیو ڕۆژووەکەیشی تەواوە.

وە لێرەدا دەمەوێت ئاگاداری ئەو ئافرەتانە بکەمەوە کە بە هەڵە تێگەیشتوونو وا دەزانن کە ئەگەر ڕۆژێك بەرۆژوو بنو دوای ڕۆژوو شکاندن بکەونە حەیزەوە تا نوێژی عیشا ئەوا ئەو ڕۆژووەیان بۆ ناژمێردرێت، بەڵام ئەمە هەڵەیەو هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵکو ئەگەر بەیەك دەقیقە پاش خۆر ئاوا بوون توشی حەیز بێت ئەوا ڕۆژووەکەی تەواوەو هیچی لەسەر نییە.

پ٣/ ئایا پێویستە لەسەر زەیستان بەرۆژوو بێتو نوێژ بکات ئەگەر پێش چلەی پاك بێتەوە؟

و/ بەڵێ زەیستان کەی پاك بووەوە پێش چلەی پێویستە لەسەری نوێژ بکاتو بەرۆژوو بێت ئەگەر لەرەمەزاندا بوو، وە دروستە بۆ هاوسەرەکەی کە لێی نزیك بێتەوە لەبەر ئەوەی پاك بۆتەوەو هیچ شتێك نییە ڕێگری بکات لەم شتانە.

پ٤/ ئەگەر بێتو ئافرەت سوڕی مانگانەی هەشت ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ بێت وەهەروەها جارێك یان زیاتر لەم ماوەیە زیاتر ڕوویدا حوکمی چییە؟

و/ ئەگەر بێتو ئافرەت سوڕی مانگانەی حەوت ڕۆژ یان هەشت ڕۆژ بێت هەروەها ئەم ماوەیە زیادی کرد بۆ نۆ یان دە یان یانزە ڕۆژ دەبێت چاوەڕێ بکاتو نوێژ نەکات تا پاك دەبێتەوە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ماوەی دیاری نەکردووە بۆ حەیز، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى﴾ [البقرة: ٢٢٢].

هەتا ئەم خوێنە بمێنێت ئەو ئافرەتە لەسەر ئەو حاڵە دەبێت تا پاك

دەبێتەوەو خۆی دەشواتو نوێژ دەکات، ئەگەر لە مانگی داهاتوودا ئەم ماوەیە کەمی کرد هەرکاتێك پاك بووەوە خۆی دەشوات ئەگەر وەك مانگی پێشوویشی نەبێت.

گرنگ ئەوەیە هەرکاتێك ئافرەت لە حەیزدا بێت نوێژ ناکات ئیتر ئەگەر ئەو حەیزە وەك مانگی پێشوی بێت یان کەمتر یان زیاتر.

پ٥/ ئایا ئافرەتی زەیستان چاوەڕێی چلەی دەکاتو نوێژ ناکاتو بەرۆژوو نابێت، یاخود پەیوەستە بە نەمانی خوێنەوە، هەرکاتێت پاك بووەوە نوێژ دەکات؟ وە ئایا کەمترین ماوەی پاك بوونەوە چەندە؟

و/ ئافرەتی زەیستان کاتێکی دیاری کراوی نییە بەڵکو هەرکاتێك خوێنی هەبێت نەنوێژ دەکاتو نە بەرۆژوو دەبێو نە لەگەڵ هاوسەرەکەی کۆدەبێتەوە، وە هەر کاتێك بینی پاك بۆتەوە ئەگەر پێش چلەیش بێت تەنانەت دە رۆژ یان پێچ رۆژ بێت ئەوا نوێژو رۆژووی خۆی دەکاتو ئاساییە.

پ٦/ ئەگەر لە رۆژانی رەمەزاندا ئافرەت چەند دڵۆپە خوێنێکی کەم بەردەوام بوو لەگەڵیدا بە درێژایی مانگی رەمەزان ئایا رۆژووەکەی تەواوە یان نا؟

و/ بەڵێ رۆژووەکەی دروستو تەواوەو ئەم چەند دڵۆپە خوێنە هیچ شتێك نییەو بەڵکو لە دەمارەوەیە، وەلە ئیمامی عەلییەوە ﵁ دەگێڕنەوە کە دەفەرمێت: ئەم چەند دڵۆپە خوێنە وەك خوێن بەر بوونی لوت وایەو بە حەیز دانانرێت، بەڵام ئەگەر لە کاتی سوڕی مانگانەیدا بێت ئەوا بە حەیز دادەنرێت.

پ٧/ ئەگەر ئافرەت هەستی بە خوێن کرد پێش دابەزینی لە پێش خۆر ئاوا بوون، یان هەستی بە ئازاری حەیز کرد ئایا رۆژووی ئەو رۆژەی دروستە یان بیگێڕێتەوە؟

و/ ئەگەر ئافرەت هەستی بە خوێن کرد پێش دابەزینی بەڵام دانەبەزی پێش خۆر ئاوا بوون، یان هەستی بە ئازاری حەیز کرد بەڵام دانەبەزی تا دوای خۆر ئاوا بوون ئەوا رۆژووی ئەو رۆژەی تەواوەو نایگێڕێتەوە.

پ٨/ ئەگەر ئـافرەت خـوێنی بینـی بـەڵام دڵنیـا نـەبوو کـە خـوێنی حـەیزە ئایـا حوکمی ڕۆژوو گرتنی ئەو ڕۆژە چییە؟

و/ ڕۆژووەکەی تـەواوە لەبـەر ئـەوەی کـە بنچینە ئەوەیە کە خوێنی حـەیز نییـە تـا دڵنیا نەبێت کە حەیزە.

پ٩/ ئایـــا ئـــافرەت لـــەکاتی حـــەیزو زەیـستانیدا لـە ڕۆژی ڕەمەزانـدا دروسـتە بخۆنو بخۆنەوە؟

و/ بـەڵێ دەتـوانن بخـۆنو بخۆنـەوە لـە ڕۆژانـی ڕەمەزانـدا، بـەڵام وا باشـترە بـە نهێنی بێت ئەگەر منداڵ لە ماڵدا هـەبێت، چونکە کێشەیان لا دروست دەکات.

پ١٠/ ئەگەر ئافرەتی حەیزدارو زەیستان لـە کـاتی عەسـردا پـاك بـووەوە ئایـا پێویـست دەکـات نوێـژی نیـوەڕۆ لەگـەڵ عەسردا بکات یـان تـەنها نوێـژی عەسـری لەسەر پێویستە؟

و/ بۆچوونی ڕاستو دروست لەم بابەتـەدا ئەوەیـە تـەنها نوێـژی عەسـری لەسـەر پێویست دەبێت لەبەر ئەوەی بەڵگە نییـە لەسەر پێویست بوونی نوێژی نیوەڕۆ.

وە لەبـەر ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی:

(من أدرك ركعة من العصر قبل أن تغرب الشمس فقد أدرك العصر)[1] .

واتە: هەرکەسێك فریای ڕکاتێك لە نوێـژی عەسر بکەوێت پێش خۆرئاوا بـوون، ئـەوا فریای هەمو نوێژی عەسر کەوتووە.

وەباسی نوێژی نیوەڕۆی نەکردووە ئەگەر نوێژی نیوەڕۆ پێویست بوایە ئـەوا ڕوونـی دەکـردەوە، وە ئەگـەر ئـافرەت توشـی حـــەیز بـــوو دوای چـــوونە نـــاو نوێـــژی نیـــوەڕۆوە ئـــەوا تـــەنها کردنـــی نوێـــژی نیوەڕۆی لەسەرە جگە لە عەسر، لەگـەڵ ئەوەی کە نوێژی نیـوەڕۆ کـۆ دەکرێتـەوە لەگەڵ عەسردا، وە بەهەمان شێوە ئەگەر پـاك بـووەوە پـێش تـەواو بـوونی کـاتی نوێـژی عیـشا ئـەوا تـەنها نوێـژی عیـشای لەسەرەو نوێژی مەغریبی لەسەر نییە.

پ١١/ هەندێك لە ئافرەتان منداڵیان لـەبار دەچێت یان پێش دروست بوونی کۆرپەلە یـان دوای دروسـت بـوونی کـە شـێوەی منداڵەکــە دەردەکــەوێت ئایــا حــوکمی بەڕۆژوو بوونی ئەو ڕۆژانە چییە کە تێیـدا

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٩٢).

لەباریان دەچێت یان ڕۆژووی ئەو ڕۆژانەی کە خوێنی تێدا دەبینن؟

و/ ئەگەر هاتوو کۆرپەلە دروست نەبووبێ ئەوا خوینەکەی خوێنی زەیستانی نییەو دەبێت نوێژ بکاتو ڕۆژوو بگرێتو تەواوە، بەڵام ئەگەر کۆرپەلە شێوەی دروست ببوو ئەوا خوێنەکەی هی زەیستانییەو نابێت نوێژ بکاتو بەڕۆژوو بێت، لەم بابەتەدا ڕێساو بنچینە تێیدا درست بوونی کۆرپەلەیە ئەگەر دروست ببوو ئەوا خوێنی زەیستانییەو ئەگەر دروست نەبوو ئەوا خوێنی زەیستانی نییە.

پ١٢/ دابەزینی خوێن لەکاتی سك پڕیدا لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ئایا کاردەکاتە سەر ڕۆژووەکەی؟

و/ دابەزینی خوێن لەکاتی سك پڕیدا لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ئەگەر حەیز بوو ئەوا وەك حەیزی ئافرەتێکە کە سك پڕ نەبێت وکار دەکاتە سەر ڕۆژووەکەی، ئەگەر حەیزیش نەبوو ئەوا کار لە ڕۆژووەکەی ناکاتو بەتاڵی ناکاتەوە، وە ئەگەر حەیز توشی ئافرەتێکی سك پڕ ببێتو لەو ماوەیەدا نەبچڕێتو بەردەوام بێتو لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەوا بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە حوکمی حەیزی هەیە، بەڵام ئەگەر لەماوەی سك پڕیدا حەیزی نەما بەڵام دوای ئەوە خوێنی بینی لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا نەبوو ئەوا کار لە ڕۆژووەکەی ناکاتو حوکمی حەیزی نییە.

پ١٣/ ئایا ئەگەر ئافرەت لە ڕۆژانی سوڕێ مانگانەیدا ڕۆژێك خوێنی بینیو ڕۆژێك نەیبینی چی بکات؟

و/ ئاشکرا ئەوەیە ئەو پاکێتی یان وشکێتییەی کە ڕویداوە لە ڕۆژانی سوڕەکەدا ئەوا بە پاکی دانانرێتو بە حەیز دادەنرێت، بەڵام هەندێك لە زانایان دەڵێن ئەگەر ڕۆژێك بیبینێتو ڕۆژێك پاك بێت ئەوا ئەو ڕۆژانەی کە دەبینرێت بە حەیز دادەنرێتو ڕۆژە پاکەکانیشی بە پاك دادەنرێت تا دەگاتە پانزە ڕۆژ لە دوای ئەوە بە خوێنی ئیستیحازە (نەخۆشی) دادەنرێت، ئەم بۆچونە بەناوبانگە لای مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.

پ١٤/ لەڕۆژانی کۆتایی حەیزدا وە پێش پاك بوونەوە ئافرەت هیچ شوێنەوارێکی

خوێن نەبینێت بەڵام ئاوە سپییەکە نەبینێت (القصة البيضاء) ئایا دەتوانێت بەرۆژوو ببێت یان چی بکات؟

و/ ئەگەر عادەتی خۆی وابوو کە ئەو ئاوە نابینێت کە هەندێك ئافرەت وایە ئەوا بەرۆژوو دەبێت، وەئەگەر عادەتی وابوو لە کۆتاییدا ئەو ئاوە سپییەی دەبینی ئەوا بەرۆژوو نابێتو چاوەڕێی ئەو ئاوە سپییە دەکات.

پ١٥/ حوکمی خوێندنی قورئان چییە بۆ ئافرەتی حەیزدارو زەیستان بە تەماشا کردنو لەبەر کردن لە کاتی پێویستیدا ئەگەر مامۆستا بێت یان خوێندکار؟

و/ ئاساییە ئەگەر ئافرەت لەکاتی حەیزو زەیستانیدا قورئان بخوێنێت لە کاتی پێویستیدا وەکو ئافرەتێك کە مامۆستا بێت یان قوتابی، یان خوێندنی ئەو ویردانەی کە لە شەوو رۆژدا هەیە، بەڵام خوێندنی قورئان بۆ دەست کەوتنی پاداشت باشتر وایە کە نەخوێنێت لەبەر ئەوەی زۆربەی زانایان بۆچونیان وایە کە ئافرەتی حەیزدار نابێت قورئان بخوێنێت.

پ١٦/ ئایا پێویست دەکات ئافرەتی حەیزدار جلو بەرگی بگۆڕێت پاش پاك بوونەوەی کە هەرچەندە هیچ شتێکی بەر نەکەوتبێت؟

و/ پێویست ناکات لەبەر ئەوەی حەیز لاشە پیس ناکاتو بەڵکو خوێنەکە پیسە ئەگەر بەر شتێك بکەوێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە ئافرەتان کردووە ئەگەر خوێنی حەیز بوو بە جل وبەرگیانەوە ئەوا با بیشۆرنو نوێژ بەو جلو بەرگانەوە بکەن.

پ١٧/ ئەگەر ئافرەتێك لەرەمەزاندا حەوت رۆژ زەیستان بوو، وەنەیگرتەوە تا رەمەزانی دووەم، وەرەمەزانی دووەمیش هات بەسەرداو حەوت رۆژی تری لێ نەگرت بە بیانوی نەخۆشی، وەرەمەزانی سێیەمی لێ نزیك بۆتەوە چی بکات؟

و/ ئەگەر ئەو ئافرەتە نەخۆش بێتو نەتوانێت بیگرێتەوە هەرکاتێك توانی با بیگرێتەوە چونکە عوزری هەیە، هەرچەندە رەمەزانی دووەمیش بێت بەسەریدا، بەڵام ئەگەر لەبەر کەمتەرخەمی خۆی بێت ئەوا نابێت گرتنەوەی دوا بخات بۆ رەمەزانی دووەم، عائیشە (خوای لێ رازی بێت) فەرموویەتی: گرتنەوەی رۆژووم لەسەر

بـووەو نـەمتوانیوە بیگرمـەوە تـا مـانگی شەعبان.

جا ئەگەر ئەو ئافرەتە عوزری نەبێت ئـەوا تاوانبـارەو دەبێـت تەوبـە بکـاتو چـەند ڕۆژی لەسـەر بێـت دەبێـت بیگرێتـەوە، وەئەگەر عوزریشی هـەبێت ئـەوا چـەندێك دوا بکەوێت ساڵێك بێت یان دوو ئاساییە.

پ١٨/ ئەگەر ئافرەتێك توشـی حـەیز بـوو بە کاتژمێرێك دوای بانگی نیوەڕۆ ونوێـژی نەکردبوو ئایا پێویست دەکات لـە دوای پاك بوونەوەی ئەو نوێژە بگێڕێتەوە؟

و/ زانایـان بۆچـونیان جیـاوازە لـەم بابەتەدا، هەندێك دەڵێن پێویـست ناکـات بیگێڕێتـەوە، چـونکە کەمتەرخـەمی نـەکردووەو تاوانبـاریش نـەبووە وەدەتوانێت ئەو نوێـژە دوا بخـات بـۆ دوا کاتەکەی، وە هەندێکیان دەڵێن: پێویست دەکـات ئـەو نوێـژە بگێڕێتـەوە چـونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(من أدرك ركعة من الـصلاة فقـد أدرك الصلاة)[٢] .

واتـە: هەرکەسـێك فریـای ڕکـاتێکی نوێـژ بکەوێت ئەوا فریای نوێژەکەی کەوتووە.

بۆیە واباشترە کـە نوێژەکـەی بگێڕێتـەوە چـونکە تـەنها نوێژێکـەو زەحمـەت نییـە لەسەری.

پ١٩/ ئەگەر ئافرەتی سك پڕ پێش منداڵ بوونی بە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ خوێنی بینی ئایا واز لەنوێژو ڕۆژووەکەی بهێنێت لەبەر ئەمە؟

و/ ئەگـەر ئـافرەتی سـك پـڕ پـێش منـداڵ بـوونی بـە ڕۆژێـك یـان دوو ڕۆژ خـوێنی بینیو ئازاری لەگەڵدا بـوو ئـەوا بـا واز لـە نوێژو ڕۆژووەکـەی بهێنێـت، بـەڵام ئەگـەر بەبێ ئازار بوو ئەوا هیچ نییەو ڕێگـر نییـە لە نوێژو ڕۆژوو.

پ٢٠/ بۆچوونت چییە بۆ خواردنی حـەپی مەنع بۆ نـەهاتنی سـوڕی مانگانـەی تـاکو ڕۆژوو بگرێت لەگەڵ خەڵکیدا؟

و/ مـن ئاگادارتـان دەکەمـەوە لـەم شـتە، چـونکە خـواردنی ئـەم حەپانـە زیـانێکی زۆری هەیە، ئەم شتە لای من سەلمێنراوە لە ڕێگەی پزیشکانەوە، وە بـە ئافرەتـان دەوترێـت: ئـەم شـتە خـوای گـەورە نوسیوێتی لەسەر ئافرەتـان، تـۆیش ڕازی

---

(٢) (صحيح سنن أبي داود: ١١٢١).

به بەشی خواو بەرۆژووبە تا ڕێگر نـەبێت وەئەگەر ڕێگرێکیش هەبێت ئەوا مەیگرەو رازی بە بەقەدەری خوای گەورە.

پ٢١/ کامیـــان بـــۆ ئـــافرەت باشـــترە لەشەوانی رەمەزاندا لەماڵ نوێژ بکات یـان لە مزگەوت، بەتایبـەتی ئـەو مزگەوتانـەی کــە وتـــارو ئامۆژگـــارو یادخـــستنەوەی تێدایـە؟ وەئامۆژگاریـت چـییە بـۆ ئـەو ئافرەتانەی کە لە مزگەوت نوێژ دەکەن؟

و/ باشتر وایە بـۆ ئـافرەت لـە ماڵـدا نوێـژ بکــات لەبـــەر گـــشتێتی فـــەرموودەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە دەفـەرمێت: (وبيوتهن خير لهن)[٣] .

واتە: وە نوێژ کردن لە ماڵەکانیان باشترە بۆیان.

چـــونکە زۆر جـــار دەرچـــوونی ئـــافرەت پـــارێزراو نییـــە لـــە فیتنـــەو ئاشـــوب، وەمانـــەوەی ئـــافرەت لـــە ماڵـــدا خێـــری زیـــاترە، وە بـــۆ ووتـــارو ئامۆژگـــاری دەتوانێت سود لە کاسێت وەرگرێـت، وە ئامۆژگاریشم بـۆ ئـەو ئافرەتانـەی کـە لـە مزگەوت نوێژ دەکـەن ئەوەیـە کـە خۆیـان نەپارێزننەوەو بۆن لە خۆیان نەدەن.

پ٢٢/ حوکمی تام کردنی چێشت چییە لە رۆژانی رەمەزاندا؟

و/ ئاسـاییە بـۆ پێویـستی، بـەڵام دەبێـت تامەکە قوت نەدرێتو بتفێنرێتەوە.

پ٢٣/ ئافرەتێـك رۆژووی گرتـــووە لـــەو کاتەوە کە لەسەری پێویست بـووە بـەڵام ئەو رۆژانەی کە بەهۆی سورِی مانگانـەوە نـەیگرتووە بـەهۆی نەزانییـەوە پـاش تـر نەیگێڕاوەتەوە، وەنایشزانێت ژمارەی ئەو رۆژانـــە چـــەندە، ئایـــا چـــی پێویـــستە لەسەری؟

و/ جێی داخە کە ئـەم هەڵەیـە لـە نێـوان هەندێك لە ئافرەتاندا روو بدات ئیتر ئەگەر بـەهۆی نەزانینـەوە بێـت یـاخود بـەهۆی کەمتەرخەمییـەوە، وە پێویـستە لەسـەر ئەم ئافرەتە تەوبە بکاتو بگەڕێتـەوە بـۆ لای خـــواو ئـــەو رۆژانـــە بگێڕێتـــەوە بـــە گوێرەی توانا.

پ ٢٤/ حوکمی مانەوەی ئافرەت چییە لە مزگـەوتی (مـــسجد الحـــرام) دا لـەکاتی حەیزدا بۆ گوێ گرتن لە فەرموودەو وتار؟

و/ نابێت ئافرەتی حەیزدار بمێنێتـەوە لـە (مسجد الحرام) و هـیچ مزگـەوتێکی تـردا، بـەڵام بـۆی هەیـە تێپـەڕ بێـت پیایـدا بـۆ

---

(٣) (صحيح سنن أبي داود: ٥٦٧).

پێویستیو لەو شێوانە، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ داوای راخەرێکی لە عائیشە کرد (خوای لێ رازی بێت) کە بۆی بهێنێت ئەویش فەرمووی: لە مزگەوتەو منیش لە حەیزدام، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(ان حیضتك لیست في یدك، فناولته)[٤] .

واتە: حەیزەکەت بە دەست خۆت نییە، منیش پێمدا.

بەلاّم ئەگەر بیەوێت دابنیشێتو بمێنێتەوە ئەوا دروست نییە، بەلگەیش لەسەر ئەمە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە ئافرەتان کردووە لە نوێژی چەژندا دەرچن بۆ نوێژگە ئەوانەی کە لەناو خەیمەدانو حەیزداریش، بەلاّم ئەوانەی کە لە حەیزدان نەیەنە نوێژگە، ئەمەیش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە حەیزدار نابێت بمێنێتەوە لە مزگەوتدا بۆ گوێ گرتن لە وتار.

پ٢٥/ حوکمی ئاوی قاوەیی (الكدرة) چییە کە دادەبەزێت لە ئافرەت بە رۆژێك یان دوو رۆژ پێش حەیز؟ کە هەندێك جار لەسەر شێوەی دەزوویەکی تەنکی رەش یاخود قاوەیی یان هاوشێوەی ئەمانەیە، وە حوکمەکەی چییە ئەگەر لە دوای حەیز بێت؟

و/ ئەگەر لە پێش حەیز بێت ئەوا هەر بە حەیز دادەنرێت ئەمەیش بەوە دەناسرێتەوە کە ئازاری لەگەلّدایە، وەئەگەر لە دوای حەیزیشدا بوو ئەوا چاوەڕێی دەکرێت تا نامێنێتو بە حەیز دادەنرێت، چونکە عائیشە (خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێت:

(لا تعجلن حتی ترین القصة البیضاء)[٥] .

واتە: پەلە مەکەن تا ئاوی سپی دەبینن.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لاإلـه إلا أنت أستغفرك وأتوب إلیك.

---

(٤) (أخرجه مسلم وأبو عوانة والنسائي والبیهقي وأحمد، وانظر: إرواء الغلیل: ١/ ٢١٣).

(٥) (رواه مالك، وصححه الشیخ الألباني في: إرواء الغلیل: ٢١٨/١) .